فەرماندەکانی سوپای خومەینی ڕێبەری "مستضعفان جهان" (بەشمەینەتەکانی جیهان)، بە پێڕەوەیکردن لە کولتووری "ئەنفال" و جیهاد" دەستیانکرد بە کۆکردنەوەی ئۆتۆمۆبیل و سەروەت و سامان و زێڕوزێوی نێو ماڵەکان. هێندێک لە پارێزەرانی ئیسلام، بۆ دەرهێنانی بازنی زێڕوزێو لەدەستی کچان و ژنانی هەڵەبجە، دەست و مەچەکیان برین و بازنەکانیان لەدەست دەرهێنان. هێندێ لە پاسدارەکان تەنانەت دەستدرێژییان کردە سەر لاشەی کچە کوژراوەکانیش. سەرکردەیەتیی حیزبەکوردییەکان، کاتێک زانییان سوپای دزوجەردەی ئێرانی هاوپەیمانیان بەو شێوەیە، بەربووەتە تالانکردنی ولات و گەلەکەیان، نەیانتوانی لەوە زیاتر بێدەنگ و چاوەڕوان ڕاوەستن، ئەمانیش کەوتنەخۆ و، چەندین لۆری و کۆمەڵێک جەردە و شرەخۆر و دزی گوێڕایەڵ و لێهاتووی بەنێو پێشمەرگەیان دەستنیشانکرد بۆ کۆکردنەوەی کەلوپەلی نێو ماڵەکان، تا بە جادەی هەورامان و سنە دا بیگوێزنەوە بۆ سەقز و نێوچەی سەردەشت و بەسەر بنەماڵەی ئەندامانی سەرکردەیەتی و بەرپرسەکاندا دابەشیبکەن. بەرپرسێکی ئەو چالاکییە مێژوویی و پرشانازییە نێوی (د. ک.) بوو. پاش ئەوەی لۆرییەک بەبارەوە لەباتی ئەوەی بەرەو ماڵانی سەرکردەیەتیی بڕوات، دیار نەما و قووت درا، بانگهێشت کرا بۆ گوندی "مەزرە"ی دۆڵی سوێسنایەتی نێزیکی سەردەشت کە بنکەی سەرکردەیەتیی لێبوو. ئەویش لەترسی ترۆ و تێرۆرکردنی نەیوێرا بچێ و، لە شاری سنە خۆی شاردەوە... لەو ڕۆژە ڕەش و پڕ نەهامەتییانەی مێژووی کورددا، گەلێک پێشمەرگەی بەشەرەف و خاوەن هەڵوێست هەبوون کە بە تووڕەیی و ڕق و بێزارییەوە نێوی کەسانێکی وەک "ش.ح.م." و " ق ک." و "ح. ح. غ" دێنا و دژایەتیی خۆیانیان بەرامبەر کردەوەی ئەو کەسانە و سەرکردەی حیزبەکانیان دەردەبڕی . . . .

**مەبەست و ئامانجی سەرەکیی ئێران، بۆ لەشکرکێشی و، کردنەوەی بەرەی نوێ لە "نێوچەی "هەڵەبجە"، ئەوە بوو، شاری نەوسوود و ئەو گوندانەی کە لەسەر سنوور و نێوچەی هەورامانن و، هێشتا لەژێردەسەلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و پێشمەرگەی ڕۆژهەلاتدان، داگیریان بکاتەوە و، پێشمەرگەیان تێدا نەهێڵێت.**

هێزی "شاهۆ"ی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران،، لەوکاتەدا شاری "نەوسوود" و، چەندین گوندی سەر سنوور، لەوانە "دەرەتفێ" و "پەروێنی" و "شێخان"ی لەژێر کۆنترۆڵدا بوو. هێزێکی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانیش، بەنێوی "گوردانی شوان"، تازە گەڕابوونەوە و بە نێوچەکەدا هاتوچوویاندەکرد.

لەگەڵ گەیشتنی سوپای ئێران بۆ سەر سەنگەری پێشمەرگە، شەڕ و لێکدانی توند دەستپێدەکات. پێشمەرگەکان دوو هێرشی لەسەریەکی گەورەی ئێرانییەکان تێکدەشکێنن و، بە دەیان چەکدار لەنێودەبەن و دەست دەگرن بەسەر ژمارەیەکی زۆریش چەک و تەقەمەنیدا، لەئاکامدا بە هۆی بەربلاویی بەرەی شەڕ و، گیرانی هەڵەبجە و دۆڵ و چیاکانی دەوروبەریان، بەناچاری پاشەکشە دەکەن، بەلام زۆربەی ژن و منداڵەکانیان بۆ دەرباز نابێ و، بەجێدەمێنن. هێزەکەی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانیش (گوردانی شوان)، کە نێزیکەی ١٠٠ کەسێک دەبن، هەموویان دەکەونە نێو گەمارۆی لەشکری پاسدارەوە کە وەک زەریای کوللە ڕوویان لەونێوە نابوو، لەگەڵیان دەکەونە شەڕی مان و نەمانەوە و لە ئەنجامدا هەموویان شەهید دەکرێن و نۆ پێشمەرگەشیان لێ بەدیل دەگیرێت، کە دەیانبەن بۆ شاری سنە و، پاش ماوەیەکی کورت، ئەوانیش گوللەباران دەکرێن.

**کاک حامیدی حاجی غالی و کاک قادر کۆکەیی کە هەردووکیان لەو کاتەدا فەرماندە و بەرپرسی یەکێتیی بوون لەو نێوچەیە، پاش گیرانی نەوسوود و گوندەکانی سنووری هەورامان، ئەم چەند ڕێگەیان خستە بەردەم پێشمەرگەی ڕۆژهەلات و کادر ر و ژن و منداڵەکانیانەوە:**

١- دەتوانن ببن بە پێشمەرگەی یەکێتیی.

٢- ببن بە چەکداری "قەرارگای ڕەمەزان" (سوپای پاسدارانی ئیسلامی).

٣- سەر بەخۆ و لەسەر مەسئولییەتی خۆتان تەسلیمی ئێران ببنەوە.

پاش ئەوەی دوو ڕژێمی داگیرکەری ئێران و عێراق، نەیانتوانی لەماوەی ٨ ساڵ جەنگدا یەکدی لەنێوببەن، ئەوجا گۆڕەپانی کێبەرکێیەکەیان گواستەوە بۆنێو خاکی کوردستان. ئێران توانی بەپێی ئەو پلانە سەربازییەی دایڕشتبوو، زەبرێکی کاریگەر و کوشندە بدات لە هێزی پێشمەرگە و بزاڤی ڕزگاریخوازیی کورد لە ڕۆژهەلات و، سنوورەکانیشی لە باکوورەوە بۆ باشوور داگیربکاتەوە. چارەنووسی ئەو پێشمەرگە و کادر و ژن و منداڵانەی کە گیران و، لەلایەن پاسدارانی ئێرانەوە بران بۆ نێو زیندان و